# پێگەی یاسایی زمانی کوردی لە عێراقی نوێدا



**رێبین محەمەد صۆفی**
**مامۆستا لە زانکۆی کۆیە**

لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، هەرسێ ویلایەتی (بەسرا ـ بەغدا ـ موسڵ) کە پێشتر سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون، بە پێی بڕیارێکی ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانان لە ( ٢٥ / ٤ / ١٩٢٠) دا کەوتنە ژێر ماندێتی بەریتانیا[١].

دواتر کە دەوڵەتی عێراق لە ساڵی( ١٩٢١) دا دروستکراو، کوردستانی باشوور بە بێ ویست و ئارەزووی دانیشتوانەکەی بەم دەوڵەتەوە لکێنرا، لە ئەنجامی ئەم داگیرکردن و دابەش کردنەی گەلی کورد لە هەموو مافە نەتەوایەتیەکانی بێبەشکرا و زمانی کوردیش وەك مافێکی ڕۆشنبیری ئەو گەلە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو لە هەردوو سەردەمی پاشایەتی و کۆماریدا، لە ڕووی سیاسی و یاساییدا، بە تەواوی لەسەر ئاستی عێراق وەك زمانی گەلێکی سەرەکی ئەو دەوڵەتە دانی پێدانەنراو وەك دەویسترا کاری پێنەکرا، ئەگەرچی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٠ ـ ١٩٣٢) کە عێراق لەژێر ماندێتی بەریتانیا بوو، زمانی کوردی ڕێزی لێدەگیرا ، تا ڕاددەیەك هەلی پێشکەوتنی هەبوو، ڕۆشنبیران و تێکۆشەرانی کورد لەوانە (تۆفیق وەهبی بەگ) لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق هەوڵی پێشخستنی زمانی کوردیداوە، لەساڵی (١٩٢٣) لەسەر داوای وەزارەتی مەعاریف ڕێزمانی کوردی ئامادە کردووە بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان، هەروەها داوای کردووە دەسکاری چەند پیتێکی عەرەبی بکرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کورددیدا بگونجێ، بەڵام ئەو داوایەی سەری نەگرت، چونکە بەشێوەیەکی دیکە لێکدرابوەوە[٢]. لە (٢١ / ٣ / ١٩٢٥) دا کە مەلیك فەیسەلی یەکەم یاسای بنەڕەتی عیراقی پەسەند کرد، لە ماددەی( ٦)ی ئەو دەستوورەدا، ڕاشکاوانە باسی فرەیی زمان کراوە لە عیراقدا، بەڵام جگە لە زمانی عەرەبی ناوی ئەوانی دیکەی نەهێناوە، سەرەڕای ئەو ڕاستیەی هەموو لایەك دەیانزانی کە زمانی کوردی لە حکومەتەکەی شێخ محمودی نەمردا، لە ساڵانی (١٩١٨ – ١٩٢٢)دا زمانی فەرمی هەرێمەکەی بوو، هەروەها لە ماددەی (١٧)دا دەڵێ: (عەرەبی زمانی فەرمیە، جگە لەوەی بە یاسای تایبەت بە فەرمی دەناسرێ) لە ڕێکەوتی (٢٣/ ٥/ ١٩٣١) دا بەر لەوەی عیراق ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، ئەم یاسایە تایبەتیە (یاسای زمانە ناوچەییەکان)[٣] بۆ کوردو تورکمان دەرچوو، کە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و دادگاکاندا سەلماند. بەڵام دوای ئەوەی لە کۆمەڵەی گەلان بە ئەندام وەرگیرا و ماندێتی بەریتانیای لەسەر نەما، ئەو برگەیەی دوایی لە ماددەی (١٧) دا کە دەڵێ : جگە لەوەی بە یاسای تایبەت بە فەرمی دەناسرێ. وەك خۆی مایەوە و هەموار نەکراو یاسای زمانە ناوچەییەکان نەخرایە ناو دەستوور، ئەگەرچی ئەم دەستوورە لە ساڵانی (١٩٤٣ ـ ١٩٥)دا دوو جاریش هەموارکرا، واتە دەتوانین بڵێین زمانی کوردی لەسەردەمی پاشایەتی وەکو زمانی نەتەوەیی دانی پێدانەنرابوو، بەڵکو تەنها وەك زمانی ناوچەیی ئاماژەی پێدرابوو.

دەستووری (١٩٧٠)ی کاتی بۆ یەکەم جار لە برگەی (ب)ی ماددەی (٧)دا دەڵێ: (زمانی کوردی زمانی فەرمیە لە پاڵ زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردیەکان) واتە دووەمین زمانی فەرمیە لە عیراق، بەڵام تەنها لەناوچە کوردیەکاندا، یان ئەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن یانی وەك زمانێکی نەتەوەیی دانی پێدانرابوو. لە کۆتایی دەیەی سەدەی رابردوودا، سەرەتا لە (١٩٩١/٣/٥) دا، کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بەڕابەرایەتی بەرەی کوردستانی لەدژی ڕژێمی بەعس راپەڕین و نیوەی زیاتری خاکی کوردستانیان رزگارکرد، دواتر لە (١٩٩٢/٥/١٩)دا بۆ یەکەمجار پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی ڕەوا هەڵبژێردرا و حکومەتی دیفاکتۆ دامەزرا و زمانی کوردی بووە زمانی فەرمی ئەم حکومەتە، لەو هەرێمەی لەبن دەستیدابوو. دواتر بە ناوی ئازادی عێراق لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا هێزی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە( ٢٠٠٣/٤/٩)دا،

بەشێوەیەکی سەربازی دەسەڵاتی سی و پێنج ساڵەی بەعسی ڕوخاند، دامودەزگاکان هەڵوەشانەوە، دەسەڵاتە گشتیەکان سەر لەنوێ بونیات نرانەوە، ئینجا لەسەردەمی ئەنجومەنی حوکمدا، لە (٢٠٠٤/٣/٨)دا، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دەرچوو کە (ئەویش بەدەستور دادەنرا) یەکێك لە پرەنسیپە بنەڕەتیەکانی ئەم یاسایە سەبارەت بە زمان بوو، لە مادەی( ٩)دا ئاماژەی پێداوە دەڵێ:زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی عێراقیەکان دەستەبەر دەکات تا ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەك تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە دامەزراوە فێرکاریەکانی حکومیدا بخوێنن.

وەك لەم دەقەدا دیارە زمانی کوردی گەیاندۆتە هاوشانی زمانی عەرەبی لەسەر ئاستی عێراق بەفەرمی ناسراوە و هەمان هێزی یاسایی زمانی عەرەبی وەرگرتووە. بەڵام لە هەموویان گرنگتر ئەوەبوو، لەدەستووری ساڵی (٢٠٠٥) دا ئەم مەسەلەیە گەیشتە لوتکەو بەتەواوی چەسپا، لە مادەی(٤)دا دەڵێ:

یەکەم: هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی عێراقیەکانە بە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایك وەك تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە دامەزراوە حکومیەکانی فێرکردندا مسۆگەردەکات بەپێی ڕێوشوێنەکانی پەروەردەیی، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دامەزراوە تایبەتیەکانی فێرکردندا.

دووەم: چوارچێوەی زاراوەی زمانی فەرمی و چۆنیەتی پیادەکردنی حکومەکانی ئەم بەندە بە یاسا دیاریدەکرێت و ئەمانە دەگرێتەوە...

ئەم مادەدیە بە هەموو بڕگەکانیەوە تەواو ئەرێنیە، کە دەڵێ: دوو زمانی فەرمی هەیە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ دا، عەرەبی و کوردی. واتە واقیعەکە وەکو خۆی باسی دەکات، کە دوو گەل و دوو نەتەوەی سەرەکی لە عێراقدا هەیە، ناڕاستەوخۆ مەبەستی گەلی عەرب و گەلی کوردە، کە بەدوو زمانی جیاواز قسە دەکەن، بۆ هەریەکەشیان بنەمای خاك و جوگرافیای خۆی هەیە[٤].

بەتایبەتی لەبڕگەی سێیەمیاندا دەڵی: دامەزراوە فیدراڵیەکان و دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان هەردوو زمانی عەربی و کوردی بەکار دێنن. لەم بڕگەیەدا، زۆر ڕاشکاوانە ناوی هەرێمی کوردستانی هێناوە، ئەم مادەیە گرنگی و کاریگەری بەهێزی یاسایی و سیاسی هەیە، چونکە زمانی کوردی لە تەنیشت زمانی عەرەبی لە یەك پلەو ئاست دایە لە هەموو بوارەکاندا هاوتای زمانی عەرەبیە. مەسەلەیەکیتر کە شایانی ئاماژە پێدانە ئەوەیە، ئەگەر بۆ عێراقی نوێ فەرمی بوونی دوو زمان شتێکی تازە بێ، ئەوا لە دونیای پێشکەوتووی ئەمڕۆدا دیاردەیەکی زۆر باوە، ئێستا جگە لە عیراق لە دەستووری (٣٧) دەوڵەتی دنیادا دوو زمانی فەرمی هەیە، تەنانەت لە هەندێ دەوڵەتدا زیاتر لە دوو زمانیش لە دەستوریاندا بە زمانی فەرمی ناسراوە و بەکاردەهێنرێن، بۆ نمونە لە بەلجیکا سێ زمان و لە سویسرا چوار زمان و لە باشوری ئەفریقیا یازدە زمان بەکاردەهێنن[٥]. ئیدی لەم نووسینە کورتەدا بەم دەرەنجامە گەیشتین کە زمانی کوردی لە دوای دروستبوونی عیراق، لە رووی یاسایی و دەستووریەوە چەندین قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە، تا بەم ئاستەی ئێستای گەیشتووە، سەرەتا لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا تەنها وەك زمانی ناوچەیی (محلی) بە یاسا دانی پێدانرابوو، دواتر لە سەردەمی کۆماریدا، لە سایەی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەماندا، بە تایبەتی لە دوای بەیانی (١١ی ئادار)دا، بۆ یەکەم جار لە دەستوری ساڵی (١٩٧٠)دا جێگیرکراو وەك دووەمین زمانی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا، بەڵام تەنها لە ناوچە کوردیەکاندا کاری پێ کراوە، کەچی لەسەردەمی عێراقی فیدراڵدا، لە دوای دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد و شۆڕشەکانیدا توانرا ئەو مافە ڕۆشنبیریە وەربگیرێتەوە کە زیاتر لە هەشتا ساڵ بوو زەوت کرابوو. لە دەستوری (٢٠٠٥)ی عێراقدا بچەسپێنن، کە زمانی کوردی وەك زمانێکی سەربەخۆ لەسەر ئاستی هەموو عیراق لە هەموو بوارەکاندا، لە هەموو پلە و ئاستێکدا وەك زمانی عەرەبی هەمان هێز و توانای یاسایی دەستووری بەدەست بێنێ.


سەرچاوەکان

١. د. حامد محمود عیسی. المشکله الکردیه فی شرق الاوسط منذ بدایتها حتی ١٩٩١، مکتبه بولی – مصر، ١٩٩٢، ص ٤٨.

٢. د. نوری تالەبانی، ڕۆژنامەی ئاوێنە، لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ زانای گەورەی کورد تۆفیق وەهبی بەگ،سلێمانی – ٢٠٠٦، ل ١٠

٣. قانون اللغات المحلیه، رقم (٧٤) لسنه ١٩٣١

٤. عصمت شریف وانلی ( Kurdistan Center for the Middle Est (KCM) ملاحظات بشأن مشروع الدستور الاتحادی العراقی، عرض للمناقشة، ٢٠٠٥ بتاریخ ٢٢ / ٨ / ٢٠٠٥، مکان الطبع، وزارة سویسرا، ٢٩ / ٨ / ٢٠٠٥، ص ٣

٥. تارق جامباز، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (١٧٤)، ٢٥ / ١٢ / ٢٠٠٥.